چرای هەڵکراو
بۆ ڕەتکردنەوەی بوهتانی
پووچ و هەڵبەستراو

نووسینی شێخی موجاهید:
تركي بن مبارک البنعلي

سەرچاوەی بەرهەم:
أرشيف الجامع للدولة الإسلامية

وەرگێڕان:
ڕاگەیاندنی صراط





چرای هەڵکراو
بۆ ڕەتکردنەوەی بوهتانی
پووچ و هەڵبەستراو

نووسینی شێخی موجاهید:

ترکي بن مبارك البنعلي

تقبله الله تعالى

1436 هـ - 2015 م

الدَّوْلَةُ الإِسْلَامِيَّة

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة



ئایا جیهاد ئامانجە یان هۆکار؟

ژمارەیەک لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی کەمکردنەوەی گرنگیی جیهاد دەدەن؛ جارێک پەرستشەکانی دیکە بە "جیهاد" ناودەبەن تاوەکو هاوشێوەی جیهادی ڕاستەقینەی لێ بکەن! جارێکیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جیهادی سەردەم مەرجەکانی تێدا نییە! هەندێک جاریش دەستپێشخەری دەکەن بەم پرسیارە: ئایا جیهاد ئامانجە یان هۆکار؟! ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکە سادەکە وەڵامیان بدەنەوە و بڵێن: بێگومان هۆکارە! ئەوسا ئەوانیش بە فیز و دەمدرێژییەوە دەڵێن: "هەروەک چۆن جیهاد هۆکارێکە بۆ حوکمکردن بە شەریعەت، ئاواش هۆکاری دیکە هەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، جا ئەگەر بۆمان کرا حوکمی شەریعەت بەبێ جیهاد جێبەجێ بکەین ئەوا زۆر باشە، ئەگەرنا با جیهاد نەکەینە یەکەمین هۆکار و چارەسەر!" ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: یەکەم: ئەم پرسیارە لە ئایینی الله تعالی داهێنراوە (محدث) و هیچ پاڵپشت و بەڵگەیەکی شەرعیی نییە. دووەم: جیهاد لە هەمان کاتدا هەم هۆکارە و هەم ئامانج. بەڵێ هۆکارە، بەڵکو تاکە هۆکاری درووستە شانبەشانی بانگەواز (الدعوة)؛ هەروەک شیخ الإسلام ئیمامی ئیبن تەیمییە (رحمە الله تعالی) دەفەرموویێت: "ئایینی ئیسلام ئەوەیە: شمشێر شوێنکەوتەی کتێب (قورئان) بێت؛ جا ئەگەر زانست بە کتێب و سوننەت دەرکەوت و شمشێریش شوێنی کەوت، ئەوا کاروباری ئیسلام دادەمەزرێت و جێگیر دەبێت". هەروەها دەفەرموویێت: "کەواتە ڕاگر و کۆڵەکەی ئایین بە کتێبێکە کە ڕێنمایی دەکات و شمشێرێکە کە سەردەخات
(وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا) [الفرقان: 31] واتە: بەسە کە پەروەردگارت ڕێنماییکار و پشتیوان بێت" (1) .

(1) مجموع الفتاوى: ج20/ ص393

هەروەها فەرمووی: هەر بۆیە ڕاوەستان و هێزی دین، بەندە بە قورئان و شمشێرەوە (2)

هەروەها دەفەرموویێت: «كەواتە لەسەر هەموو كەسێك پێویستە تێبكۆشێت بۆ سازاندنی قورئان و ئاسن (هێز) لە پێناو اللّٰه تعالى ـدا، و بە پشت بەستن بە اللّٰه تعالى داوای ئەوەی لێ ئەو بكات، ئەوكات دونیا خزمەتی دین دەكات (3). هەروەك چۆن جیهاد تاكە هۆكاری دروست و ڕاستەقینەیە لەگەڵ بانگەوازدا، بە هەمان شێوە ئامانجیشە، بەڵێ ئامانجە؛ لەبەر ئەوەی پەرستشێكی سەربەخۆیە و ئایەت و فەرموودەی زۆر لەسەر گەورەیی و فەزڵی هاتوون، و ناكرێت بە هیچ شتێكی دیكە قەرەبوو بكرێتەوە و جێگەی بگیرێتەوە! شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە

(رحمه اللّٰه تعالى) دەفەرموویێت: «فەرمانكردن بە جیهاد و باسكردنی فەزڵ و گەورەییەكەی لە قورئان و سوننەتدا هێندە زۆرن كە لە ژماردن نایەن (4) . بەڵكو دەفەرموویێت: «ئەوەش لەبەر ئەوەیە كە گرنگترین فەرمانی ئایین؛ نوێژ و جیهادن، بۆیە زۆربەی فەرموودەكانی پێغەمبەر (صلى اللّٰه تعالى علیه وسلم) دەربارەی نوێژ و جیهاد بوون(5). هەروەها دەفەرموویێت: «كتێب (قورئان) نوێژی هەیە، و ئاسنیش (شمشێر) جیهادی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی ئایەت و فەرموودەكان دەربارەی نوێژ و جیهادن، تەنانەت پێغەمبەر (صلى اللّٰه تعالى علیه وسلم) لە كاتی سەردانی نەخۆشدا دەیفەرموو: (یا اللّٰه ئەم بەندەیەی خۆت شیفا بدە، تاوەكو گورز لە دوژمنانت بوەشێنێت) (6) ، هەروەها فەرموویەتی: (سەری هەموو كارێك ئیسلامە، و كۆڵەكەی نوێژە، و بەرزترین لوتكەشی جیهادە) (7) - (8).

(2) المصدر السابق: ج28/ ص 264.
(3) السياسة الشرعية: ص242
(4) مجموع الفتاوى: ج28/ص 352.
(5) المصدر السابق: ج28 / ص 261
(6) أخرجه أبو داود من حديث عبدالله بن عمرو في كتاب الجنائز/ باب الدعاء عند المريض عند العيادة (3/ 155) برقم 3109.
(7) أخرجه الفرمذي في كتاب الإيمان/ باب حرمة الصلاة (11/5) برقم 2616.
(8) مجموع الفتاوى (36 /35).

ئایا جیهاد فەرزی عەینە یان فەرزی کیفایە؟

زۆر جار گوێبیستی شێخ و مامۆستایانی سەر شاشە و کەناڵە ئاسمانییەکان دەبین کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە جیهاد لەمڕۆدا فەرزی کیفایەیە نەک فەرزی عەین! ئایا ئەم بانگەشەیەیان ڕاستە؟! ئەوەی سادەترین مەتن و کتێبە فیقهییەکانی خوێندبێتەوە، دەزانێت کە بانگەشەی ئەو شێخانە بەتاڵ و پووچەڵە، لەبەر ئەوەی پێشەوایانی دینی اللّٰه تعالی بە دەق دەفەرموون: ئەسڵ لە جیهاددا ئەوەیە کە فەرزی کیفایەیە، بە بەڵگەی فەرمووودەی اللّٰه تعالی: (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ) واتە: (جەنگ و کوشتارتان لەسەر نووسراوە و فەرز کراوە) [البقرة: 216]. بەڵام ئەو جیهادە لە چەند حاڵەتێکدا دەبێتە فەرزی عەین (واتە لەسەر هەمووان پێویست دەبێت)، لەوانە: ئەگەر کافرەکان هاتنە ناو خاکێکی موسڵمانانەوە، یان فەرمانڕەوا لە وڵاتی موسڵمانانیدا هەڵگەڕایەوە (مورتەد بووەوە)، هەروەک ئەوەی کە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵات و دیاری موسڵمانانیدا دەگوزەرێت! لەو کاتەدا، جیهاد وەک نوێژ و ڕۆژوو دەبێت لە ڕووی پێویست بوونی تاکەکەسییەوە (الوجوب العيني)؛ واتە: بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک لە موسڵمانان، تاوان لەسەر ئەوانی دیکە لاناچێت! بەڵکو دەبێتە ئەرکێکی پێویست لەسەر هەموو موسڵمانێکی بەتوانا.

الله تعالى دەفەرموویت: ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا﴾ [النساء: 75]. واته:

ئەی ئیمانداران! ئێوە بە چ بەهانەو بیانوویەک ناچنە غەزا لەڕێی الله تعالى و لەبەر ڕزگارکردنی پیاوان و ژنان و منالانی لاوازو چەوساوەو بێ دیفاع ئەوانەی کە ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە! تۆ لەم شارەی (مەککەیە) کە دانیشتووەکانی ستەمکارن ڕزگارمانکە، چونکە ئازاری زۆرمان دەدەن و ڕێیشمان نادەن کۆچ بکەین دەسا لەلایەن خۆتەوە پشتیوان و کارسازێکمان بۆبەدی بێنە و هەرلەلای خۆتەوە -بەفەزڵی خۆت- یارمەتیدەرێکمان بۆ بەدی بێنە، پاشان الله تعالى دلۆڤانیش بەهانایانەوە هات و پەیامبەری -صلى الله تعالى عليه وسلم- بۆ ناردن و، مەککەی بۆ ئازادکردن .

ئەمەش بابەتێکە کە زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە و جگە لەوانیش لەسەری کۆدەنگن، (ئیبن عابدین) رحمه الله تعالى -کە یەکێکە لە فەقیهە گەورەکانی حەنەفی- دەفەرموویت: "ئەگەر دوژمن هێرشی کردە سەر سنوورێک لە سنوورەکانی ئیسلام، ئەوا جیهاد دەبێتە فەرزی عەین؛ سەرەتا لەسەر ئەوانەی لێیەوە نزیکن، بەڵام بۆ ئەوانەی لێیانەوە دوورن و لە پشتەوەن، ئەوا فەرزی کیفایەیە ئەگەر پێویستیان پێ نەبێت. بەڵام ئەگەر پێویست بەوان بکات، بەوەی کە ئەوانەی نزیکن لە دوژمنەوە دەسەڵاتیان بەسەریدا نەشکێت، یان دەسەڵاتیان هەبێت بەڵام کەمتەرخەمی بکەن و جیهاد نەکەن، ئەوا لەسەر ئەوانەی دوای ئەوانن (لێیانەوە نزیکن) دەبێتە فەرزی عەین هەروەک نوێژ و ڕۆژوو و بۆیان نییە تەرکی بکەن، بەم شێوەیە پلە بە پلە دەڕوات تا دەگاتە ئەوەی لەسەر هەموو موسڵمانانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا فەرز دەبێت" (9).

(9) حاشية ابن عابدين: ج3/ ص238.

لای مالیکییەکانیش لە (حاشیة الدسوقي)ـدا هاتووە: "جیهاد دیاری دەکرێت (واجب دەبێت) بەهۆی هێرشی کتوپڕی دوژمنەوە" (10). ا.هـ
لای شافیعییەکانیش لە (نهایة المحتاج) ـی ڕەملیدا هاتووە: "ئەگەر هاتنە ناو شارێکمانەوە و نێوان ئێمە و ئەوان کەمتر بوو لە مەودای قەسری نوێژ، ئەوا لەسەر دانیشتوانەکەی پێویستە بەرگری بکەن و دووریان بخەنەوە" (11). ا.هـ
لای حەنبەلییەکانیش لە (مجموع الفتاوی) ـی شیخ الإسلام ئیبن تەیمییەدا هاتووە: "ئەگەر دوژمن هاتە ناو وڵاتی ئیسلامەوە، ئەوا بێگومان واجبە بەرپەرچ بدرێتەوە لەسەر نزیکترین و ئینجا نزیکترین (خەڵک)، چونکە هەموو وڵاتانی ئیسلام وەک یەک شار وان، هەروەها دەرچوون بۆ (جیهاد) واجبە بەبێ ئیزنی باوک و خاوەن قەرز، دەقەکانی ئیمامی ئەحمەدیش لەم بارەیەوە ڕاشکاوانەن" (12). ا.هـ
کەواتە چۆن دەقی خاوەن چوار مەزهەبەکان وازی لێ دەهێنرێت و وتەی شێخەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان وەردەگیرێت؟، ئەوانەی کە پشت بە هیچ بەڵگەیەک نابەستن لە کتێبی الله تعالی یان سوننەتی پێغەمبەرەکەی صلی الله تعالی علیه وآله وسلم؟!

(10) حاشية الدسوقي: ج2/ص174.
(11) نهاية المحتاج للرملي: ج8/ص58.
(12) مجموع الفتاوى: ج4/ ص 608.

ئایا دۆخی ئێمە لەسەر قۆناغی مەککە دەپێورێت یان مەدینە؟

زۆر جار موسڵمان لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گوێبیستی بانگەوازگەلێک دەبێت کە داوا لە موجاهیدان دەکەن چەک دابنێن، بەو پاساوەی گوایە ئێمە لە قۆناغی مەککەداین! بەوجۆرە بانگەشەیان کرد! بەڵام توێژەر لە شەریعەتی ئیسلامیدا دەزانێت کە مەسەلەی جەنگ و کوشتار بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، یەکەمیان فەرمانکردن بە لێبووردن و چاوپۆشی، پاشان مۆڵەتدان بە جەنگان لە دژی ئەوانەی دەجەنگن لە دژمان، دواتر فەرمانکردن بە جەنگان لە دژی هەموو موشریک و هاوبەشبڕیاران، قۆناغی کۆتاییش ناسخە (هەڵوەشێنەرەوەیە) بۆ هەموو ئەوانەی پێش خۆی، واتای (نەسخ)یش لەلای زانایانی ئوسوڵ بریتییە لە: "هەڵگرتنی حوکمێکی شەرعی بە گوتارێکی نوێ". شێخی موفەسیرین ئیمامی ئیبن جەریری طەبەری (ڕەحمەتی اللّٰە تعالی ـی لێ بێت) فەرموویەتی: "اللّٰە تعالی ـی ستایشکراو، لێبووردن و چاوپۆشی لێکردنیانی بە فەرزکردنی جەنگ لە دژیان نەسخ کردەوە"، پاشان ئیمامی طەبەری (ڕەحمەتی اللّٰە تعالی ـی لێ بێت) فەرمووی نەسخکردنەوەکەی لە ئیمامی ئیبن عەباس و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە گواستووەتەوە رضي اللّٰە تعالی عنهم (13). هەروەها ئیمامی القرطبي رحمە اللّٰە تعالی لە تەفسیری فەرموودەی اللّٰە تعالی: (فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ) [البقرة: 109] دەفەرمووێت: "ئەم ئایەتە مەنسوخە (هەڵوەشاوەتەوە بە ئایەتێکیتر) نەسد بۆتەوە بەو ئایەتە کە اللّٰە تعالی دەفەرمووێت: (قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ) [التوبة: 29] تا دەگاتە فەرموودەی: (صاغرون) ئەمەش لە ئیبن عەباسەوە، هەروەها گوتراوە: ناسخەکەی بریتییە لە: (فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ) [التوبة: 14]
واتا (بجەنگن دژی هاوبەشدانەران) (14)
ئیمامی ئیبن حەزم (ڕەحمەتی اللّٰە تعالی ـی لێ بێت) فەرموویەتی:
" قەدەغەکردنی جەنگ، بە واجبکردنی ، نەسخ کرایەوە" (15)

(13) تفسير الطبري: ج2/ص503.
(14) الجامع لأحكام القرآن: ج2/ص71.
(15)الإحكام في أصول الأحكام: ج4/ص82.

شيخ الإسلام ئیبن تەیمییە (رحمه اللّٰه تعالى) فەرموویەتی: " ... فەرمانکردنی پێیان بە جەنگکردن ناسخە بۆ فەرمانکردنی پێیان بە دەست هەڵگرتن لێیان" (16).

بەڵکو زیاتر لە زانایەک کۆدەنگی (اجماع) ـیان لەسەر ئەمە گواستووەتەوە، وەک ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی اللّٰه تعالى ـی لێ بێت)، کە دەفەرمووێت: " سەبارەت بە غەزاکردن لە دژی بێباوەڕان و جەنگان لەگەڵ ئەهلی کوفر و ناچارکردنیان بە ئیسلام یان پێدانی جزیە یان کوشتن، ئەوا شتێکە کە لە زەرووریاتی ئایینە..." ئەوەی هاتووە سەبارەت بە ئاشتی کردن لەگەڵیان، یان وازهێنان لێیان ئەگەر ئەوان واز لە جەنگ کردن بێنن؛ ئەوا ئەوە بە کۆدەنگیی موسڵمانان نەسخ بووەتەوە (هەڵوەشاوەتەوە) بەهۆی ئەو دەقانەی کە هاتوون سەبارەت بە واجبکردنی جەنگ کردن لە دژیان لە هەموو دۆخێکدا (17) قسەکەی کۆتایی هات. کەواتە پێویستە لەسەر موسڵمان لەوێوە دەست پێ بکات کە پێغەمبەری اللّٰه (صلى اللّٰه تعالى عليه وآله وسلم) لەسەری وەستاوە و ئێمەی لەسەر بەجێهێشتووە، ئەو کاتەی کە یاسا و شەریعەتەکان دێنران و ئاینەکە تەواو کرا و نیعمەتەکە کامڵ بوو. بەو شێوەیەش وەسفی { الفرقة الناجية } (دەستە و تاقمی ڕزگاربوو)ـی بەسەردا دەچەسپێت و ڕاست دەردەچێت، ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى اللّٰه تعالى عليه وآله وسلم) وەسفی کردووە بە فەرموودەکەی: {ئەوەی کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لەسەرین} (18).

(16) الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح: ج1/ص66.
(17) السيل الجرار: ج4/ص518.
(18) أخرجه الترمذي في كتاب الإيمان/ باب افتراق الأمة (26 /5) برقم 2641، والطبراني في الأوسط (15 137) برقم 4886.

ئایا بەرژەوەندی لە جیهادکردندایە یان لە وازهێنان لێی؟

زۆرێک لە زانایانی دەسەڵات (زانایانی سەلاتین) مەیلیان بەلای ئەوەدایە کە دان بە پلە و پایەی جیهاد لە ئیسلام و گرنگییە زۆرەکەیدا بنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەخەنە سەر ئەوە و دەڵێن: وازهێنان لە جیهاد ئەمڕۆ بەرژەوەندییە پەسەندەکەیە (المصلحة الراجحة)، چونکە لە جیهاددا زیان و خراپەی گەورە هەیە وەک کوشتن و وێرانکاری، و لە شەریعەتیشدا هاتووە کە دوورخستنەوەی زیانەکان (درء المفاسد) پێشخراوە بەسەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکاندا!

ئەمانە (زانایەکانی دەسەڵات و زانایانی طاغوت) ئەوەیان پشتگوێ خستووە (خۆیان گێل کردووە) لەوەی کە شەریعەت هاتووە بۆ پاراستنی پێویستییە (زەرووریاتە) پێنج یان شەشەکە، هەروەکو چۆن زانایان ڕوونیان کردۆتەوە. ئیمامی ئامیدی (رحمه الله تعالى)لە شیکردنەوەی ئەمەدا دەفەرمووێت: "ئەو پێنج مەبەستەی کە هیچ میللەتێک لە میللەتان و شەریعەتێک لە شەریعەتەکان نییە کە ڕەچاوی پاراستنی نەکردبێت، ئەوانیش بریتین لە:

1- پاراستنی ئاین.

2- نەفس (گیان).

3- ئەقڵ.

4- نەسڵ (وەچە).

5- ماڵ.

چونکە پاراستنی ئەم پێنج مەبەستە لە زەرووریاتەکانن و ئەمانەش بەرزترین پلەکانی گونجاوین (المناسبات). کورتکردنەوەش لەم پێنج جۆرەدا تەنها بە لەبەرچاوگرتنی واقیع و زانین بە نەبوونی مەبەستێکی زەرووریی تر بووە لە دەرەوەی ئەمانە لە داب و نەریتی باودا". ا.هـ (19). لە کاتی پێکدادان (تەزاحوم)ـی ئەم زەرووریاتانەدا، زەرووڕەتی پاراستنی ئاین پێش دەخرێت بەسەر سەرجەم زەرووریاتەکانی دیکەدا.

(19) الإحكام في أصول الأحكام: ج3/ص274.

لە کتێبی (نهاية السول شرح منهاج الأصول)ـدا هاتووە: "زەرووورەتی ئاینی پێش دەخرێت (تەرجیح دەدرێت) بەسەر زەرووورەتی دونیاییدا، چونکە بەرهەمی ئاین بەختەوەریی ئەبەدییە کە هیچ شتێک هاوتای نییە. ئیمام و خاوەنی کتێبی (التحصيل) باسیان لە ڕیزبەندی و پێشخستنی بەشەکانی زەرووریات نەکردووە، بەڵام ئامیدی و ئیبن حاجب و ئەوانی تر باسیان کردووە و وتوویانە:

بەرژەوەندی ئاین پێش دەخرێت، پاشان نەفس، ئینجا ڕەچەڵەک (نەسەب)، پاشان ئەقڵ، پاشان ماڵ و سامان؛ خاوەنی کتێبی (الحاصل) تەنها ئاماژەی بە بەشی یەکەم داوە، ئەویش بریتییە لە: "پێشخستنی ئایین بەسەر ئەوانی دیکەدا" (20). ئەگەر بە گریمانە بڵێین: لە جیهاددا لەدەستچوونی پێویستیی پاراستنی گیان و ماڵ و سامان هەیە... هتد، ئەوا لە وازهێنان لە جیهاددا، لەدەستچوونی پێویستیی پاراستنی ئایین هەیە. شێخ و زانای پایەبەرز سولەیمانی کوڕی سەحمان (ڕەحمەتی الله تعالى لێ بێت) فەرموویەتی: "ئەگەر زانیت کە دادوەری بردن بۆ لای طاغوت کوفرە، ئەوا بە دڵنیاییەوە الله تعالى لە کتێبە پیرۆزەکەیدا باسی کردووە کە: کوفر گەورەترە لە کوشتن، وەک دەفەرمووێت: (وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ) [البقرة: 217]، هەروەها دەفەرمووێ: (وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ) [البقرة: 191]. مەبەست لە (الفتنة) لێرەدا کوفرە؛ بۆیە ئەگەر خەڵکی دەشت و شار (هەموو خەڵک) لە نێو خۆیاندا بجەنگن تاوەکو لەناو دەچن، ئەوە زۆر سووکتر و ئاسانترە لەوەی کە "طاغوت"ـێک لەسەر زەویدا دابمەزرێنن کە بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامەوە حوکم بکات، ئەو شەریعەتەی کە الله تعالى پێغەمبەرەکەی ﷺ پێ ناردووە" (21).

(20) نهاية السول شرح منهاج الأصول للأسنوي: ج1/ص391.
(21) الدرر السنية ج10/ص510.

ئەمە ئەگەر لە جیهاددا تەنها پاراستنی پێویستیی ئایین هەبووایە! ئەی دەبێت چۆن بێت ئەگەر بزانیت لە جیهاددا پاراستنی سەرجەم پێویستییەکانی دیکەش هەیە؟ چونکە بەهۆی جیهادەوە دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێت کە دادپەروەری رادەگرێت و ئەمن و ئاسایش بڵاو دەکاتەوە؛ بۆیە اللّٰه تعالی ناوی جیهادی ناوە "ژیان" و فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ) [الأنفال: 24]. لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە (ڕەحمەتی اللّٰه تعالی ـی لێ بێت) دەربارەی (لِمَا يُحْيِيكُمْ) هاتووە: "واتە: بۆ ئەو جەنگەی
کە اللّٰه تعالی ـی گەورە لە ڕێگەیەوە ئێوەی سەربەرز کرد دوای زەلیلی، و بەهێزی کردن دوای لاوازی، و پاراستنی لە دوژمنەکانتان دوای ئەوەی کە زاڵ بووبوون بەسەرتاندا" (22).

(22) تفسير ابن كثير / دار الفكر (2/363).

الحمد لله رب العالمين

